# وەزیری تەندروستی سەرکەوتنی یەکەمین نەشتەرگەری چاندنی دڵی دەستکرد لە عێراق رادەگەیەنێت




وەزیری تەندروستی عێراق رایگەیاند، بۆ یەکەمجار نەشتەرگەری چاندنی دڵی دەستکرد لە عێراق بەکەسێکی تەمەن ٦٠ ساڵ ئەنجامدرا و نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو. کە ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو نەشتەرگەرییە ئەنجامبدرێت.

ساڵح حەسناوی بڵاوی کردەوە، بە هاوکاری تیمێکی پزیشکی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار نەشتەرگەری چاندنی دڵی دەستکرد ئەنجامدرا لە عێراق.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو تیمەی کارەکەیان کردووە ئەڵمانی بوون و نەشتەرگەرییەکە پێنج کاتژمێری خایاندووە و ستافێکی عێراقیی هاوکاری تەواوی نەشتەرگەرییەکە بووە.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، نەشتەرگەرییەکە ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاری بۆ دەکرێت و لە ئێستاشدا وەزارەتی تەندروستی لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێت لە رێگەی ستافی عێراقیەوە بتوانێت نەشتەرگەری چاندنی دڵ بکات.